کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-11-2007 14:44 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## بۆ نەمان توانی سوود لە بایکۆتکردنی کاڵای تورکی بکەین وەک کارتێکی فشار ... ساسان دەروێش

هۆڵەندا




ئەوەی چاودێرانی سیاسی لە سەر ئاستی تورکیا و ناوچەکە چاوەڕوانی بوون لە دوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەکانیان و ئاکامەکەی بە هەندێک گۆڕانکاری و چارەسەری کێشە بنەڕەتیەکانیان بە تایبەتی کێشەی کورد لە باکوری کوردستان و دۆزینەوەی ڕێگا چارەی گونجاوی سیاسی و هەنگاونان بۆ زیاتر متمانە دروست کردن لە گەڵ یەکێتی ئەورووپا و دەرخستنی ڕووی گەشی چەسپاندنی دیموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ لەو وولاتە، هەمووی پێچەوانە دەرچوو، پارتی هەڵبژێردرا و دروست کەری حکومەتی نوێ ی تورکیا بە هەلی زانی سوود لە هەندێ زانیاری نهێنی ئاشکراکراوی زلهێزەکانی دنیا و ئایندەی بەرژەوەندیەکانیان و پلانەکانیان بۆ گۆڕانکاریە نوێ کانی ناوچەکە وبە تایبەتی لە عێراق و دەوروبەری، توانیان چەکدارانی تێکۆشەری گەریلاکانی پەکەکە بکەنە کارتێکی سە وز بە ئاراستەی نەیارانیان بۆ تێکدانی بەرژەوەندیەکانیان و پاشگەز بوونەوەیان لە تاوان بارکردنی تورکیا بە جینۆسایدی ئەرمینیا و دابەشکردنی عیراق بۆ سێ فیدراڵی و سەرەڕای ئەمانەش بۆ داپۆشینی ژێرخانی داتەپیوی ئابووریان و ناکۆکیەکانیان و شیرازە بچڕاندنی خەڵک و دەوڵەت جەنگێکی لەناکاویان ڕاگەیاند بە ئاراستەی خەڵکی کوردستان، سەرەتا بە تۆپ باران کردنی سنوورەکانی هەرێمی باشووری کوردستان و دواتر لەگەڵ زیادە ڕەوی هەڕەشەکانی دەوڵەتی تورکیا بە ئەندازەیەکی گەورە و متمانە بەخۆ بوون لە میدیاکان وسووربوونیان لە سەر بەزاندنی سنووری هەرێمی باشووری کوردستان و مسۆگەرکردنی هێرش و لێدانی بارەگاکانی گەریلا تێکۆشەرەکانی پەکەکە لە نێو چیاکانی کوردستان ولێ کەوتنەوەی ڕای گشتی و بەئاگا هێنانەوەی تورکەکان لە و هەنگاوەیان و ئەو زەنگە ترسناکەیان بەرامبەر خەڵکی کوردستان و تێکدانی ئارامی ئەوبەشە ئازادکراوەی کە بە زۆر جارێکی تر لکێنرایەوە بە عێراقی بەناو فیدراڵەوە بخەنە بەرمەترسی و بەرژەوەندی هەندێ لایەنی سوودمەندی زلهێزەکانی جیهان بکەونە بەرهەڕەشەی نەمان، بێ گوێ دانە ئەم هەموو هات و هاوارەی دەوڵەتانی دنیا و نارەزای دەربڕینی خەڵکی باشووری کوردستان و ڕەوەندی کورد لە دەرەوەی کوردستان بەخۆپیشاندانە یەک لە دوایەکەکان و پشتگیری ڕای گشتی جیهانی لە داواکانیان، تورکیا و جەنەڕاڵە سەربازیەکان وەک لایەنێکی سەرەکی و تەواکەری هاوکێشەکان بێ مەرجی لایەنی بەرامبەریان پێ یان لە سەر زۆر داواکاری و درکاندنی هەندێکی لە سەر ڕوووی میدیاکان و ئاشکرا نەکردنی هەندێ خاڵی تری گرنگ وستراتیژی نهێنی بۆ تورکیا و داواکاریەکانیان جێ بەجێ بکرێ لەبەرامبەر وەستانی هێرشەکانیان و تۆپ باران کردنی سنوورەکانی باشوری هەرێمی کوردستان بەپێ ئەوهەموودانوستانەی کەلەسەرئاستی عێراق وکوردستان و دنیای دەرەوە بە ئەنجام گەیشت و هەمووی بێ ئاکام و هەڵواسراوماونەتەوە و سەرەڕای ئەمانەش ئێمەی کوردیش لە هەندێ میدیای تورکی و بیانیەوە گوێ بیستی ئەوە بووین کە لە هەندێ لایەن و پارتی دەرەوەی حکومەتی تورکیا داوای گەمارۆخستنە سەر هەرێمی باشووری کوردستان داوا دەکەن و نارەزای دەردەبڕن لە کەم تەرخەمی و جێ بەجێ نەکردنی، بۆ وەڵامی تورکیا و ئەو هەموو دوژمنکاریەی خەڵکی کوردستان و کاول کردنی دێهاتەکانی سەر سنوور و ئاوارەکردنی خەڵکە بە شەرەفەکەی، لە ناوەڕاستی ئەم هەرا و هوریایەدا، ناوەندی چاک وەک ڕێکخراوێکی خۆشەویستی جەماوەری بەرفراوانی دەرەوە و ناوەوەی کوردستان ونواندنی هەڵوێستێکی تری جوامێرانە و بوێرانەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردانە و دەست پێشخەریکی نیشتیمانی، بانگەوازێکی ئاراستەی سەرجەم پارت ولایەن و ڕیکخراوەکان کرد بۆ پشتگیری لە هەڵمەتی بایکۆت کردنی شمەکی تورکی و پەیوەندی ئابووری و گەشت و گوزار و وەدەرنانی کۆمپانیا تورکیەکانی کوردستان کرد، کە لە زۆربەی زۆری ماڵپەرە کوردیەکان بڵاوکرایەوە، بەڵام ئەوەی جێگای داخ و سەرنج دانە تەنها لە لایەن چەند کەس و ڕێکخراو تێ نەپەڕی کە ئەویش لە ماڵپەرە کوردیەکان بڵاوبوونەو بۆ پشتگیری کردنیان و وەڵامی تورکە داخ لە دڵە کانی کوردستان، نەمان بینی وگوێ بیستی نەبووین لە وەڵامی شەقامی کوردی ونارەزایی دەربرین وفڕێ دانی کەل و پەلەکانیان و سووتانیان بەرامبەر هەموو ئەو میدیا بێگانە و سیخورانەی کە ئێستا کار دەکەن لە کوردستان و دەنگ دانەوەیەکی گەورەی لێ بکەوتایەتەوە، ئاخۆ مێژوو کێ تۆمار دەکات لە و هەڵوێستە کوردانە و بوێرانەیە بەرامبەر هەڵوێستی تورک، دەبا ئێمەی کوردیش خۆمان بە دوور بگرین بەرامبەر هەموو کاڵایەکی بازرگانی تورکی و کۆمپانیای تورکی و گەشت کردنمان بۆ تورکیا، بە تایبەتی کۆچ بەرانی دەرەوە لە ڕیگای تورکیاوە سەردانی کوردستان نەکەنەوە، ئەوەی لەم ماوەیەدا بینیمان و گوێ بیستی بووین لە هەڵوێستی حکومەتی تورکیا بەرامبەر ئەزموونەکەمان،

و لەناو بردنی برا تێکۆشەرکانی گەریلەمان کەداکۆکی لەباکوری کوردستان دەکەن، بۆ ئێمەی کوردیش زۆر شورەیە شتی تورکی بکڕین و بفرۆشین و گەشت بە فرۆکەکانیان بکەین و هاوکاری کۆمپانیاکانیان بکەین کە دەست بەکارن لە کوردستان.

دەبوو یەکەم کەس خاوەن کارگە و کرێکارەکانی کوردستان بهاتنایە دەربڕینی نارەزای و پشتگیری کردنی بانگەوازەکەی چاک، چونکە ئەوان یەکەم کەس بوون کە لە هێنانی کۆمپانیا تورکەکان و هێنانی کەرەستەی بیناسازی تورکی زەرەرمەندو بێ کار و کاسپی مانەوە، ئەوەی خۆم بینیم ئەم ساڵ هاوین لە سەردانی کوردستان لە شاری سلێمانی چەندین کارگەی پێداویستی خانوو بەرە هەموویان داخرابوون و کریکارەکانیان بێ کار و کاسپی و بژێوی ژیان ماونەتەوە، ناحەقی خەڵکی کوردستان ناگرم کەبێ دەنگن، چونکە بێ دەنگیان گەندەڵی خستۆتە ناو وولاتەکەمان وەک ڤایرۆسێک ڕۆژی پارچەیەک لە دڵیانی کون کون کردوون، دەبوو دەستەڵاتی کوردی کە شانازی بە ئاوەدان کردنەوەی کوردستان دەکات لە جوان کاری بیناسازی، لە بری ئەو هەموو کۆشکەی کە بەرزیان کردۆتەوە لە بەردەمی خەڵکی هەژاری کوردستانەکەم بە کەرەستەی تورکی، پێم وایە هیچ هەژارێکی کورد نەی توانیوە سوودمەند بێ لەو کۆشکانە بە دوکان بێ یان نیشتەجێ بوونی، لەگەل ئەو ئاوەدان کردنەوە یەدا خەڵکی دیهات نیشینەکانیان هان بدایە بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر خاکی باو باپیرانیان و بوژاندنەوەی باخ و ڕەزاکانیان وچاندنی بەربوومەکانیان و بەدەست هێنانی بەرهەمی نیشتیمانی وچیتر پێویستمان بە ئیهانە کردنی کەسیش نەمایە لە داخستنی دەرگای سنوورەکان بەڕوماندا و پاڕانەوە لێیان بۆ ئەوەی بازرگانانی چاوچنۆک وەک گورگ نەکەونە گیانی خەڵکی هەژاری کوردستا نەکەم، خەڵکی کوردستان چی بکات وچۆن و بە چ لایەکدا شایەت مان بهێنێ، بازرگانی چاوچنۆک و خاوەن کۆشک و تەلار و کۆمپانیا و هێنانی کەرەستەکان زۆربەی زۆری خاوەن گەندەڵ وفایلدارەکانن کەخۆیان خزاندۆتە نێو پارتەکوردیەکان وئێستا بەرپرسمان لەسەرخوێنی باوک و دایک وخوشک و براو کەسوکارمان کە ئێستاش وا ئەانن سەردەمی قات لەبەرکردنی بەعسیانە ڕیگرن لە خۆپیشاندەران و نارەزای دەربڕینی خەڵکی بە شەرەفی کوردستان دژ بە تورکیای گورگ و دوژمنکارو تیرۆریست.

هۆکارەکان زۆرن بۆیە نەمان توانی بایکۆت کردنی کاڵاکانی تورکی وەک فشارێک بۆ سەر ئابووری تورکی جێ بەجێ بکەین، ئەوەش لای خەڵکی کوردستان ڕوون ئاشکرایە و لە ئایندەی ڕۆشن و گەشی کورد و کوردستان مێژوو ڕەحم بە کەسیان ناکات وناویان لە زبڵدانی مێژووی ڕەش دا ناوونووس دەکات،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
17-11-2007 14:44 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەگەر بێت وسەیرێکی ئەزموونی ڕابردووی مێژووی نەتەوە ژێردەستەکان بکەین دەبینین سەرکردەکان لە خۆیانەوە دەست بە خۆڕاگری ئازار و ئەشکەنجەکانی بڕیارەکانیان دەکەن لە بەرامبەر دوژمنانیان، تا ئێستا ئیمەی کورد نازانین باجی چ هەڵەیەک و چ ناپاکیەک دەدەین لە بەرامبەر هەژاری خەڵکی کوردستان و کێ سەکردەی ڕاستەقینەی ئە و هەژارانەیە کە خۆی یەکەم کەس هەژاربێ و هەست بەو نەبوونیە بکات لە پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیانیان، میللەتێک هێندە خۆڕاکربێت لە بەرامبەر ئەو هەموو نەبوونیە ئیتر چاوەڕوانی چی ئەکەن!!!!!!!!!!!!

سەرکردەکانی کورد شەرم لەخۆیان ناکەن ئەفسەرێک بە کەم ئەزموونی خۆی لە سەردەمی خۆیدا بتوانێت گەورەترین گۆڕانکاری بۆ میللەتەکەی بهێنێتە سەر گۆرەپانی سیاسی لە ئێرلەندە، ئەی ئێمەی کورد دەتوانین چی بکەین بەو هەموو خەبات وماڵ وێرانی وخوێن ڕشتنەوە، شەهیدەکانمان بیان زانیایە شەهید دەبن بۆ لکاندنی کوردستان بە عیراقەوە هیچ کاتێک خەباتیان نە ئەکرد، لە کاتی ناکۆکی نێوان بەریتانیا و ئیرلەندە کە لە سەر سەربەخۆی ئیرلەندە ناکۆک بون ئەو ئەفسەرە ناوی بایکۆت بوو تەگبیری بۆ ئێرلەندی یەکان کرد کە هیچ جۆرە کەلوپەلێکی بەریتانیا نەکڕن و پەیوەندی و مامەڵە و مامەڵەکاری لە گەڵدا ببڕن ئیتر بە ناوی ئەو ئەفسەرەوە ئەمکارە ناو نرا بایکۆت...

لە دوای ناو هێنانی ئەم زاراوەیە و بەکارهێنانی جارێکی تر لەلایەن غاندی سەرکردە وە کە ئەویش لەلایەن تۆلستۆی ئەستەرەی ئاسمانی ئەدەبی ڕووسی ئامۆژگاری غاندی کرد لە ڕێگای نامەیەکەوە کە بۆ غاندی سەرکردەی نارد و کەئەم چەند دێڕەی تێدا نووسیوە (مانای چی 30 هەزار کەس نزیکەی 200 ملیۆن مرۆڤی بە هێزو زیرەک بچەوسێنێتەوە لەگەڵ ئەوەش دا تینوی سەربەستین حەز بە ئازادی ئەکەن؟ ئەوەش نازنی کە ئەم دوونمرەیە تای تەرازویان چەند نارێک و یەکسانە؟ ئەی هندی یەکان...... ئەگەر شەڕتان پێ فرۆشرا، بەهێز وەلآم مەدەنەوە... بەشداری پیشەی میری و کارگێری و تەنانەت لە دادگاکانیشدا مەکەن هەروەها باج و سەرانەش مەدەن و مەچنە ڕیزی سەربازی بەریتانیاوە) .

ئەوەبوو غاندی ئامۆژگای یەکانی لیو تولستۆی لە گوێ گرت و کردی بە بناغەی شۆڕشەکەی و بەریتانیای دەرکرد و سەربەخۆی هندستانی بۆ ئەو میللەتە هەژارە نەبەزە وەدەست هێنا.

ئەی ئەوسەرکردەی ئێمە کامەیە کە خۆشگوزارانی خۆی وەلادەنێ ولەگەڵ هەژارانی کوردستان بایکۆتی تورک و عێراقی لکێنراو دەکات لە پێناوی سەربەخۆی کوردستان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.